

# شادیه

عەباس عەبدوڵڵا یووسف

ئەو خۆی حەزێکی تەواوی هەیە بۆ گۆرانی مصری، هاوسەرەکەشی بەر لە ژنێتی، بلێین لە هەرزەکارەی کچێنیدا، حەزێکی دیارکراوەی هەبوو، هێشتاش ئەو سۆزەی هەرماوە بۆ چڕینەی چەند گۆرانیبێژێکی ناودار. کە جارجارە لە تەلەڤزیۆن پشان دەدرێن، تەماشا دەکات و چێژیان لێوەردەگرێت، بچێتە مەدبەقیش پچڕپچڕ خەریک دەبێ، پێیەکی لەوێیە و پێیەکی لێرەیە تا گۆرانییەکە تەواو دەبێ. لە زستانیش، نێوان دوو ژوورەکەی چێشگە و تەلەڤزگە دەرگە نیوەداخراو دەکات، تا گوێی لە گۆرانی بێ.

عارەبییەکەی بە گۆتەی خەڵکی سادەی شارنشین (دووکەڵ دەکات). مێردەکەی پێیوایە لە زمانی گۆرانی دەگات، وشەی زەحمەت، لە بەررەوی ڕستەی دەق، ئاسان دەبن، مۆسیقا و جووڵەش دەیبەنە سەر مانا. ئەو بەس لە هەرە دەگمەن بۆی دەبێتە تەرجەمێن، بۆشی نەکات. ئەو ژنە هەر هەمووی پێخۆشە لەبەر دوو شت، یەک: ئاواز و گوتنەکەی. دوو: ڕەش و سپییەکەی دڵگرە، شەنگیی هونەرمەندیش سەربار بێ.

پیاوەکەی لەوە زیاتر دەڵێ لەوانەیە یاد و هەڵوەستەیەکی ڤینانەی وەبیر بێنێ. بەر لە گواستنەوەی و لە کەم ژوانێکی بە پارێز، هاوحەزی خۆیان بۆ گۆرانی دیاردەکرد. کە بووە بووک، بردییە حەفتەی هەنگوین، کاسێتێکی تازەی گۆرانی کوردی بۆ هاوێشتەسەر، ئی تیپی مۆسیقای سلێمانی، جا لە جووتچێژەی لەش و مۆسیقا، تێمەست دەبوون.

ئەمجارە هونەرمەند خاتوو شادیە، لەگەڵ گۆرانیبێژێکی خەلیجی دەرکەوت، ژنەکە شاداو ئەویش مووڕ بۆوە. هاتەلای و گوتی:

* وەختی خۆی لە موراحەقە کە برای گەورەم دەچووە ئیش، ڕادیۆنی ویم دەکردەوە و گوێم لە گۆرانی دەگرت، ئەوەشم

بیستووه بەس هەینێ دەنگبوو، هەوکە گۆرانییەو بە فلیمە.
هەر لەو دەم تەلەڤزیۆن کوژایەوە، پێی قەلّسا، نەختێ وسکت بوو، لەپڕ و بەدەنگێکی بلّند و لۆمەدار گوتی:
* لێ نەگەڕای.
زوو بەدەنگێکی بلّند و وەک پاڕانەوە، وتی:
– من نەبووم، کەهرەبدان لەقۆکە و سەرەپلاکی لێ گیر نابێ.
پلاکی لە کارەبگۆز ڕاگیرکرد، گۆرانییەکی تر هاتە سەر شاشە، لە نوێیەکانە، ژنەکە گوێی پێ نەدا، چووە متبەق غـژوبژ بکات، ناوەناوە بە دەنگێکی بەرز دەیگۆ چبوو شادیە نەهات، چەندان گۆرانی وتران، ئەوجارە کە هاتەوە سەر شاشە، بانگی کرد:
– شادی شادیەیە!
بەرانبەر بەو نووناوە، پێشهزرەی کرد، هەستێک دەربڕێ، نەیکرد.
لە دەرگا هەر بەوەستاوی، بەنیگاگێڕی چاوی لە چێشتە و لە شاشەیە، گوێ و دلّیشی، بە ژنەفتەو خۆشجۆش دەخرۆشێن. پیاوەکەی بە لابینی دەیدیت، چۆن لە خۆشیان چاوی یتاو ڕوومەتی پەمبا، لێویشی خەندا.
خۆی لە شاشە نزیک کردەوە، بە هێما پەنجەی بۆ قژی شادیە درێژکرد، وتی:
*خوایە! ئەو قژەی چەند خرە، دەلّێی تۆپە!
چێژبێژەی گۆرانی بەردەوامە، ژنە یادانە گوتی:
* وەختی خۆی قژێکەی شادیە، مۆدە بوو، لە ناو کچانی هەرزەکاری قوتابخانە.
بۆ هەلّێنجەی زێدەزانیاری لە بارەی کچانی ئەوسەردەم، پیاوەکەی وتی:
– کوا شتی وا ؟ ئەوسا زۆرینەی خەلّک هەژاربوون، سەرو قژیان ڕەفتەپۆش دەکرد.
گالّتەی بەم قسانە هات، وتی:
* کوڕە دەبڕۆ، ئەو وەختی، عالەم سفوورتر بوو!
سەیری پۆشینی سەرو لەشی کرد و لە قسەکەی بە گومان بوو، گوتی:
– نا وەنییە ؟!
* ئێی... خۆ وێنەی کامیرەمان ماوە!
– خۆمان نالّێم، لە ئەمرۆدا ڕۆشەنبیرین، گەڕەکی هەژارانەی ئەوسای ئێوە و دەستەخوشکەکانت دەلّێم.
* کەونەگۆڤارت هەر وا ماون، هەر جارەی دەیانکەیەوە و هەوکەش، ئەنگوستی خۆت بەسەر هەندە جێرووتەی ڕسمی ئافرەتان دەگێڕی، دەلّێی وەختی خۆی ئافرەتی سفوور زێتر بوون.
نازانە، لەپێکی لە لەپی پیاوەکەی دا و لەگەلّ چەمینەوەیدا، وتی:
* شادیە چەند مێردی کردووە ؟
پرسیارەکە بەر نکاوی کرد، بەپەلە گوتی:
– سێ.
نیگای لە شاشەی چەسپاند و بێ ڕوو وەرگێڕان، پرسی:
* ئەوە سێیەمەکەیتی ؟
زوو بە توندی وەلّامی دایەوە:
– نا ئەوە شتاقیان نییە.
لە هەلّوەستەی وا، حەز دەکا مێردەکەی ببێتە فێرکارەی، بۆی ڕوونی کردەوە:
– ئەوە هونەرێکی تازەی تەلەڤزیۆنە، ڕەسەنوێنەی ئەکتەرێکی مصری لادراوە و ئەو گۆرانیبێژە خراوەتە جێی.
نەختێ وەستا، خەنداو گوتی:
– تێگەیشتی مێخۆش!
* دەبێ، گوناح نییە زیندوو لەگەلّ مردوو دەرکەوێ ؟!
دەیویست بۆی ڕاسکاتەوەو بلّێ شادیە نەمردووە، نەیگوت، نەکا مردبێ و ئەو نەیزانیبێ، سالّانێکی درێژە لە گۆڤاری مصری دابڕاون، بەو بەرهۆیەی لە هالّ و هەوالّی هونەرمەندان بێ ئاگایە.
نەختێ کپ بوو، جا زەوقانی وتی:
* ئەو (شادی) ناوە خۆت داتناوە ؟ خۆشە و ڕێک لەگەلّ (شادیە) دەبە خوشک!
بەتەمابوو بۆی بلّێ هەموومان گوناحین، بیگۆبا درێژەی دەکێشا. لەودەم گۆرانییەکە تەواو بوو ئەویش کڕ بوو. چووە ئەولا، سێنی بەقاپ و کاسە و دوو مەلّاکەوە هێنا، داینان و بە بزافێکی سست چێشتەکەی تێ کرد و لەتەنیشتی دانیشت. ئەو ڕووی لە ڕووی ژنەی نزیک کردەوەو بە تێرامە تەماشای کرد، تا پێش چەن سالّێک هەر سێکساوی بوو، لە ئێستایدا مەندە. ماتاودامابۆ وەلّامێک دەگەڕا بیلّێ.
ژنە دیسان هاتەوە سەر خەریکەی خۆی، بەکزی گوتی:
* گوناحەگوناح.
پیاوەکە هەلّێنجەیەکی بۆهات، جا وتاریبێژانە گوتی:
– ئەمە پێشکەوتنی زانستە زانست! زانست چاوصاغێکی کوێرەو هیچ گوناح نازانێ.